

# کەسی سێیەم لە ژیانی هاوسەرێتی


چرۆ جەلال – سلێمانی

Chro_jalal@hotmail.com


بێگومان باوەڕناکەم هیچ ژن و مێردێك لە سەر گۆی ئەم زەمینە کێشەو ئاژاوەیان نەبێت، هەریەکەو بە پێی جۆری کێشەکەی، بۆیە وا باشترە ژنو مێرد تایبەتمەندێتی پەیوەندی هاوسەرێتی خۆیان بپارێزن هەوڵ بدەن لە هەر لایەکیانەوە بێت کێشەکان بچووك بکەنەوە، کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆیان بکەن، زۆر جار ئەبینین هاتنە ناوەوەی کەسوکارو دەست تێوەردانیان لە تایبەتمەندێتی ژیانی ژن و پیاوەکە کێشەکە گەورەتر ئەبێت، بگرە زۆر جار ئەگاتە ڕاددەی تەڵاقدان، تایبەتدمەندێتی ژیانی هاوسەری زۆر پیرۆزە بپارێزرێت، خۆ ئەگەر کەسوکار ویستی تەدەخول بکات، پێویستە لە سەر هەردووکیان ڕێ نەدەن و ڕێکەوتن هەبێت لە نێوانیاندا ئەم دروشمەیان هەبێت (خۆمان بڕیار ئەدەین لە سەر ژیانی خۆمان، ئەمە ژیانی خۆمانە نەك ژیانی ئێوە)، ڕێکەوتنی پێش وەخت لە نێوان ژنو مێردەکە لە سەر سیاسەتی مامەڵە کردن لەگەڵ کەسوکاری هەردوولاو ڕێکەوتن لەسەر ئەو کاروبارەو کێشەو گرفتە وردەکاریانەی کە نابێت بە هیچ شێوەیەك بۆ کەسانیتر باس بکرێت و لە ماڵدا بچێتە دەرەوە بە (نهێنی هاوسەرێتی) دابنرێت وەك (پەیوەندی خۆشەویستیو جیاوازی خوەکانو ڕاو بۆچوون، هەندێ هەڵەی هەڵسوکەوت تایبەتمەندێتی هەڵەی هەریەکە) پێم وایە لە هەندێ حاڵەتی کۆمەڵایەتیدا ئەگەری دەست تێوەردانی کەسوکار هەیە لە ژیانی هاوسەرێتیدا، ئەگەر کوڕەکە تاقانە بێت یان لە ڕووی ئابووریەوە کوڕەکە پشتی بە باوکی بەستبێتو شوێنی نیشتەجێ بونیانو ژیان بردنە سەریان لەگەڵ کەسوکاری کوڕەکە یان کچەکە بێت لە یەك خانووی هاوبەش یان کەسایەتی هەریەك لە ژنو پیاوەکە لاواز بێت کە هەمیشە پەنا ئەباتە بەر دایکی یان باوکی بۆ ڕوودانی هەر کێشەیەك بێت، چارەسەرکردنی کێشەو دەست تێوەردانو هاتنە ناوەوەی کەسوکار بۆ ناوکێشەو ژیانی هاوسەرێتی لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر جیاوازیان هەیەو جۆری ئەو کێشانەی کە خۆیانی تیادا هەڵئەقورتێنن، ماوەی کاتی تەدەخولەکە، چ لایەنێکیانە هاتۆتە ناوەوە باشتر وایە کەسێکی شارەزا لە بواری کۆمەڵایەتیو خێزاندا پرسی پێ بکرێت، گەر بە هۆی تەدەخولی کەسوکارەوە کێشەی نێوان ژنو مێردەکەی قوڵتر کردبێتەوەو زیاتر کاریگەری خراپی دروست کردبێت لە نێوانیانو مەترسی لە سەر پەیوەندیان پەیدا بووبێت، لەم حاڵەتەشدا دەبێت کەسوکار نەهێنرێتە ناو وردەکاریەکانی ژیانی هاوسەرێتی ڕۆژانەوە، هەروەها ڕێکەوتن لە سەر ئەو کێشەو گرفتانەی کەسوکار تیایدا بێنە ناوەوە بە مەبەستی چاکسازی، پێویستە هەر لایەك لای کەسوکاری خۆی هیچ باسی ئەوی تر نەکات بە خراپە، بەڵکو چاکەکانی باس بکاتو لە گەڵیان نەدوێت لە سەر عەیب و کەموکوڕیەکانی، بەڵکو لە سەری بکاتەوە لە کاتێکدا کەسوکاری ڕەخنەی لێ بگرن و بە خراپی باسی بکەن، گەر کوڕەکە هاوسەنگی دروست بکات لە نێوان چۆنیەتی دەربڕینی هەستو خۆشەویستی بۆ ژنەکەی لە ڕێگەی هەڵسوکەوتیو چۆنیەتی مامەڵە کردن لە گەڵ کەسوکاری خۆی، بەم شێوەیە پەیوەندی هاوسەرێتی خۆی دەپارێزێت، ئەبێت کەسوکاری هەردوولا وا هەست بکەن ئەو لایەنە تازەی هاتۆتە ناویانەوە کە وەکو کچ یان کوڕی خێزانی ڕاستەقینەی خۆیانە، ئەگەر بمانەوێت ژیانێکی بەختەوەرو سەرکەوتوو بە دەست بهێنین پێویستە(نهێنی هاوسەرێتی) بپارێزینو لەگەڵ پاراستنی مافی هەریەك لە ئەندامان.



هەر ئێمەین کە کەسوکار دەهێنینە ناو ژیانی خۆمانەوە هەر خۆمانین دەتوانین سنوور بۆ ئەو دەست تێوەردانو هاتنە ناوەوەیان دابنێین.